# کۆمیته ی پشتگیری له په ناهه نده کانی کوردستانی ڕۆژهه ڵات

**کۆمیته ی پشتگیری له په ناهه نده کانی کوردستانی ڕۆژهه ڵات**
**لقی کوردستانی باشوور**
به روار/ 14ی پووشپه ڕی 2705 ی کوردی
5 ی ته مووزی 2005 ی زاینی

## هاوارنامه

کۆمیته که مان به ئه وپه ڕی نیگه رانیه وه هه واڵی بزربوونی به ڕێز مامۆستا ڕه حمانی مه لا و خانمی هاوسه ری و کچه که یان به یان ده کات. که له ڕۆژی پێنج شه ممه، ڕێکه وتی 30 ی حوزه یرانی 2005 و له کاتی گه ڕانه وه یاندا له عه مانی پێته ختی ئوردونه وه به ره و به غدا، بێسه روشوێن بوونه.

مامۆستا ره حمانی مه لا بیرمه ندێکی نیشتمان په روه ر و نه یارێکی سه رسه ختی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بوو، بیست ساڵێکه له دوزه خی کۆماری ئیسلامی هه ڵهاتووه و له عێراق نیشته جێ بووه. له سه ره تا دا وه ک مامۆستا له کوردستانی بن ده ستی عێراقدا کاری کردووه. له ساڵانی رابووردوودا ده ستی داوه ته کاری بازرگانی. به ڵام له دوای ڕوخانی رژێمی به عسی سه دامیه وه و، به ئامانجی دابین کردنی ئاسوده یی و ئارامیی و دوور که وتنه وه له هه ڕه شه و مه ترسی به رده وام ، به خانه واده وه ڕوو ده که نه وڵاتی ئه رده ن و له عه مانی پێته ختدا نیشته جێ ده بن.

ئێمه له کاتێکدا که هاوخه میی ڕاسته قینه مان به بنه ماڵه ی مامۆستا مه لا ده گه یه نین، له هه مان کاتدا داوا ن له هه ردوو حکومه تی عێراق و کوردستان و داکۆکی که ران له مافه کانی مرۆڤ و ئازادی و دیمۆکراسی ده که ین که ده نگی دلێریان له به رامبه ر ئه م تاوانه دا بڵند بکه ن و کۆمه کی شێلگیرانه له پێناو ئازادکردنی ئه و خانه واده به ڕێزه دا بنوێنن.

ئه مرۆ په ناهه نه کانی کوردستانی ئێران ته نها له ژێر هه ڕه شه ی تیرۆری ده زگا خوێن ڕێژه کانی کۆماری ئیسلامیدا نین، به ڵکو هه ڕه شه ی بانده کانی مافیا و گروپه ئیسلامیه تیرۆریسته کان و عه ره به ناسیۆنالیسته کانیش هێنده ی تر ژیانی ڕۆژانه ی ئه و په ناهه نده سیڤیلانه یان پڕ له مه ترسی کردووه.

## تکایه له یادیان مه که م

کۆمیته ی پشتگیری
له په ناهه ده کانی کوردستانی ڕۆژهه ڵات